## ٤ تیرۆریستی سووری دەسگیر دەکرێن

**پ.موسڵ/** ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٥ هێزی پۆلیس لەهەڵمەتێکیدا بۆ سەر ماڵێك لەگەڕەکی "الوحدة"ی شاری موسڵ، ٤ تیرۆریستی عەرەبی سعودییان دەسگیرکرد لەگەڵ بڕێکی زۆر تەقەمەنی.. لەهەمان ڕۆژدا لەگەڕەکی "الزهور" دەورییەکی پۆلیسی عێراقی کەوتنە کەمینی تیرۆریستان و ٣ پۆلیس بریندار کران.

## ٤ ئەمیر دەسگیر دەکرێن

**پ.موسڵ/** ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٦ هێزی "الرعد"ی سەر بەوەزارەتی ناوخۆی عێراقی توانیان ٣٠ تیرۆریست لەناو بازاڕی ئاژەڵفرۆشان دەسگیر بکەن کە لەناویاندا ٤ ئەمیری تیرۆریست هەبوون، هەروەها دەستیان بەسەر ٥ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری گەورە کە مینرێژو ئامادەکرابوون بۆ تەقینەوە داگرت و پوچەڵیان کردەوە، هەر ئەو هێزە تەرمی ٤ لەئەفسەرانی پاسەوانی نیشتمانیان لەموسڵ دۆزییەوە کەپێش ماوەیەك ڕفێنرابوون.

## ٤ ڕفێندراو ئازاد دەکرێن

**پ.موسڵ/** ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٦ هێزە فرە ڕەگەزەکان هەڵیانکوتایە سەر ماڵێك و ٤ کەسی ڕفێنراویان ئازاد کرد. ٣ لەوانە گەورە ئەفسەرانی پێشووی پۆلیسی موسڵن کەدوو مانگ پێش ئێستا ڕفێنرابوون، چوارەمیشیان بازرگان ئەحمەد مەلا حوسێن بوو کە لە ٢١ی ئەم مانگەدا ڕفێنرابوو و لەژمارەی ڕابردووشدا هەواڵەکەمان بڵاوکردەوە. شایانی باسە ئەم بازرگانە نیو ملیۆن دۆلاری دابووە ڕفێنەران بۆ ئازادکردنی.

## ٩ گوللە هاوەنی تەوقیتکراو پوچەڵ دەکرێنەوە

**پ.موسڵ/** ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٦ پۆلیسی موسڵ توانیان ٩ گوللە هاوەنی تەوقیتکراو لەناو شاری موسڵ پوچەڵ بکەنەوەو ٢ تیرۆریستیش بکوژن کەیەکێکیان یەمەنی بوو، ئەویتریان سوری بوو. هەر لەهەمان ڕۆژ یەك لەگەورە بەرپرسەکانی تیرۆریستان دەسگیرکرا کە لەژێر زەمینێکی ناوچەی نمرود خۆی حەشاردابوو، شایانی باسە هەر لەو شوێنە ١٥٠ موشەکی کاتیۆشاو دوو سەد گوللە هاوەن دۆزرانەوە.

## ئۆتۆمبێلێك دەتەقێنرێتەوە

**پ.موسڵ/** ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٧ لەو کاتەی هێزێکی پۆلیس دەستیان بەهەڵمەتی پاککردنەوەی گەڕەکەکانی شاری موسڵ لەتیرۆریستان کرد، ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو تەقیەوە. لەمبارەیەوە بەرپرسێك لەفەرمانگەی تەندروستی موسڵ بەمیدیای ڕاگەیاند کەوا زیاتر لە ٧٠ کەس برینداربوونە لەگەڵ ژمارەیەك کوژراو، شایانی باسە ٣ لەسەرانی تیرۆریستیش لەم ڕووداوەدا کوژران و ئۆتۆمبێلێکیش سوتا.

## عەقیدێکی پۆلیس تیرۆر دەکرێ

**پ.موسڵ/** ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٦ عەقید "مخلف موسا" بەڕێوەبەری پۆلیسی شەرگات لەکاتی هاتووچۆی لەناو شاری موسڵ تیرۆر کرا.

## لەدوو کردەی خۆکوژیدا

**پ.موسڵ/** ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٤ دوو ئۆتۆمبێل لەقەزای تەلەعفەر تەقینەوەو زیاتر لە ٤٠ هاووڵاتیو پۆلیسی عێراقی کوژران و ١٨٩ کەسیش برینداربوون. لەو بارەوە عەقید ساڵح جەمیل فەرماندەی پۆلیسی تەلەعفەر بەمیدیای ڕاگەیاند کەزۆربەی کوژراوو بریندارەکان خەڵکی مەدەنین، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کەهەر ئەو ڕۆژە توانیویانە ئۆتۆمبێلێکی دیکەی مینرێژکراو پوچەڵ بکەنەوە کە لەپێش دەرگای نەخۆشخانەی گشتی تەلەعفەر دانرابووە، ئەوەشی ڕاگەیاند کە لەهەڵمەتێکی چەند ڕۆژەدا بۆ پاککردنەوەی چەند گەڕەکێك لەتیرۆریستان، تائێستا توانیویانە ١٢ تیرۆریست بکوژن و ٢٦ی دیکەش دەسگیر بکەن.

## ٣ تەرمی سەر بڕاو دەدۆزرێنەوە

**پ.موسڵ/** ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٩ هێزەکانی پۆلیس لەناو شاری موسڵ ٣ تەرمی سەر بڕاو دەدۆزنەوە کە بەگوێرەی ڕەگەزنامەکانیان عەرەبی عێراقین و مەدەنین. یەکێکیان لەپێش مزگەوتی "الصائغ" لەگەڕەکی "البلديات" دۆزرایەوەو هی دووەم لەگەڕەکی "الاخاء" و سێیەمیان لەناوچەی "باب الجديد" دۆزراونەتەوە، یەك لەتەرمەکان لەناو ئۆتۆمبێلێك دابووەو ٢ کاتیۆشاشی تێدابووە.

## لەقوتابخانەیەك کتێبی ئایینی بەزۆر دابەش دەکرێ

**پ.کەرکوك/** لەگەڕەکی (قادسیە)ی کەرکوك لەقوتابخانەی دواناوەندی (بەیدا)ی کچان مامۆستایەك بەناوی (س) بەزۆر کتێبی ئایینی بەسەر قوتابییەکان دابەش دەکاو هانی کچە قوتابییەکانیش دەدا کەگوێ لەگۆرانییەکانی نانسی عەجرەم نەگرن، چونکە بەقسەی ئەو یەهودیەو گۆرانیەکانی بۆ تێکدانی ئایینی ئیسلامە.

## ئەندامێکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك تیرۆر دەکرێ

**پ.کەرکوك/** کاتژمێر ٨/٥ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٧ لەکەرکوك چەند چەکدارێك هەڵیانکوتایە سەر ماڵی شێخ نایف جبوری ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك و تیرۆریان کرد.

## ٤ تیرۆریست دەسگیر دەکرێت

**پ.کەرکوك/** ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٤ بنکەی پۆلیسی عروبە تیرۆریستێکیان بەناوی محەممەد زێدان خەلەف دەسگیرکرد، لەگەڵ کاتیۆشایەك، هەروەها لە ٥/٢٥ هێزی فرە ڕەگەزەکان بەهاوکاری پۆلیسی کەرکوك لەگەڕەکی عروبە ٣ تیرۆریستیان دەسگیرکردو دەستیان بەسەر ٤ کاتیۆشا داگرت.هەروەها ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٦ هێزی فرە ڕەگەزەکان لەشارۆچکەی ڕیازی سەر بەقەزای حەویجە ٢ تیرۆریستیان دەسگیرکرد.

## سزای هەتا هەتایی بۆ تاوانبارێك

**پ.کەرکوك/** ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٦ دادگای کەرکوك سزای زیندانی هەتا هەتایی بەسەر عەباس عەبدوللەتیف ڕەشید سەپاند، ناوبراو دانیشتووی "حي البعث"ە بەکوشتنی خێزانێکی ٥ کەسی تاوانبار کراوە.

## ئۆتۆمبێلێك لەنزیك بارەگایەکی یەکێتی دەتەقێنرێتەوە

**پ.کەرکوك/** کاتژمێر ١١ی بەیانی ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٩ بەکردەیەکی خۆکوژی ئۆتۆمبێلێك لەنزیك بارەگایەکی یەکێتی لەشارۆچکەی دووزو کاروانێکی هێزی ئەمریکی تەقییەوەو لەئەنجامدا ٢ کەس کوژران و ٩ هاووڵاتی دیکەش برینداربوون.

## بڕێك T.N.T دەدۆزرێتەوە

**پ.سلێمانی/** کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٧ لەنزیك ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ بڕێك T.N.T لەناو گونییەك دانرابووە، بەڵام لەلایەن هاووڵاتییەکەوە ئاشکرا کراو ئاسایش پوچەڵی کردەوە.

## بومەلەرزەیەك لەشاخی قەیوان و دەوروبەری

**پ.سلێمانی/** کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٧ لەسنووری سلێمانی بومەلەرزەیەك بەپلەی ٢-٣٪ شاخی قەیوان و دەوروبەری گرتەوە، بەڵام هیچ زیانێکی نەبوو. شایانی باسە چەند ساڵێك پێش ئێستا زوو زوو بوومەلەرزە شاری سلێمانی دەگرتەوە، بەڵام هیچیان زیانی لێ پەیدا نەدەبوو.

## هاووڵاتیەك دەکوژرێ

**پ.سلێمانی/** ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٧ شاسوار تاهیر حاجی عەلی تەمەن ٢٩ ساڵ لەگەڵ خاڵۆزاو پورزایەکی خۆی دەچێتە دەرەوەو دوای سەرخۆشبوون بەچەقۆ لێیدەدەن و دەیکوژن.

## لەسلێمانی خاڵی پشکنینی زۆر دادەنرێن

**پ.سلێمانی/** لەڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٥وە دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس بەشێوەیەکی بەربڵاو خاڵی پشکنینیان لەناو شاری سلێمانی داناوە، هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە لەگردی "ڕعایەی شەباب" ئۆپلێکیان گرتبوو خاوەنەکەی دەمانچەی دەرهێنابوو دەیگوت خۆم دەکوژم.

## بەسەدان هەرزەکاری عەرەب ڕوو لەسلێمانی دەکەن

**پ.سلێمانی/** شەوانە لەبەردەمی مزگەوتی گەورەی سلێمانی سەدان هەرزەکارو گەنجی عەرەب دەبینرێن کە دەگوترێ بۆ کرێکاری هاتوونەتە سلێمانی، کە ئەمە جۆرێك لەبێزاری لای خەڵکی سلێمانی دروستکردووە، هەم لەبەر ئەوەی هەرزەکارن، هەم لەباری ئاسایشەوە جێگای نیگەرانی خەڵکن.

## زێرەڤانی لەفەرمانبەرێکی کۆگای سوتەمەنی دەدەن

**پ.هەولێر/** ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٦ چەند زێرەڤانیەك بەبیانووی ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەی موخالف ڕاگرتووە لەفەرمانبەرێکی کۆگاری سوتەمەنی هەولێریان دا کەناوی "سۆران ساڵح"ە. لەبەرامبەر ئەم کردارەدا فەرمانبەرانی ئەو کۆگایە بڕیاری مانگرتنیان دا وەك نارەزاییەك لەدژی کردەوەکە، بەڵام پارێزگاری هەولێر داوای لێکردن مانگرتنەکەیان بشکێنن و لەبەرامبەردا بەڵێنی لێپێچینەوەی لەڕووداوەکە دا.

## گەنجێك باوکی خۆی دەکوژێت

**پ.دهۆك/** ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/١٥ لە ناوچەی باتیفە گەنجێك بەناوی (موسا عومەر) تەمەن ١٢ ساڵ باوکی خۆی کوشت و یەکسەر خۆی دایە دەست پۆلیس، لەکاتی دانانان بەتاوانەکەیدا بەهۆی ئەنجامدانی تاوانەکانی بۆ شێتبوونی باوکی گەڕاندۆتەوە.

## سوتانی ئافرەتێك

**پ.سۆران/** ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٧ لەشارۆچکەی دیانا بەهۆی گڕگرتنی بەنزینەوە، ئافرەتێك بەناوی (نەجیبە ناسح) سوتا کە ڕێژەی سوتانەکەی ٢٥٪ بوو، و ئێستا لەهەولێر لەژێر چاودێری پزیشکیدایە.

### دوو زێڕنگر لەبازاڕی زێڕنگرانی شاری دهۆك:

# نەخشەو ئاڵای عێراق بازاڕیان لە نەخشەو ئاڵای کوردستان گەرمترە

**میدیا-دهۆك/** "ملوانکەی نەخشەی عێراق و ئاڵای عێراق ڕەواجی زیاترە لەو ملوانکەیەی کە نەخشەو ئاڵای کوردستانی لەسەرە". ئەمە ڕای "ئەحمەد فەخری ئامێدییە لە"زێڕنگریا ئاراس" لەشاری دهۆك.

کە بەنێو بازاڕی زێڕنگرانی شاری دهۆکدا تێدەپەڕی، ژمارەیەك پارچە زێڕ کەنەخشەی عێراق و ئاڵای عێراقیان بە (الله اكبر)ەوە لەسەرە دەبینی، لەگەڵ ئەوەشدا پارچە زێڕیدکەش هەن کە نەخشەو ئاڵای کوردستانیان لەسەرە.. زۆربەی زێڕنگرەکانی شاری دهۆك گوتیان کەوا ئەو پارچە زێڕانەی بەنەخشەو ئاڵای عێراق دروستکراون، لەشارەکانی بەغداو موسڵ و کەنداو لەڕێگای بازرگانەکانەوە دێت و لێرە دروست ناکرێن، خاوەنی زێڕنگری ئاراس پێیوابوو ئەمە قالبی تایبەتی خۆی هەیە کە لەدهۆك دەستناکەوێ، بۆیە دروستکردنی ئەو پارچە زێڕانەی بەکارێکی زەحمەت وەسفکرد، بەڵام نزار جاسم خاوەنی زێڕنگری هەرێم دەڵێ "ڕاستە بازرگانان دەیهێنن، بەڵام تا ماوەیەك پێش ئێستا لەدهۆکیش کوڕێك دروستی دەکرد".

بەپێچەوانەی ڕای زێڕنگرەکانی دیکە کەپێیانوابوو ئەو پارچە زێڕانەی ئاڵای کوردستانیان لەسەرە لەکوردستان دروست دەکرێن، نزار جاسم گوتی "ئەو پارچە زێڕەی ئاڵای کوردستانی لەسەرە لەسوریا دروست دەکری".

لەبارەی ڕەواجی هەریەك لەو پارچە زێڕانە، زێڕنگرەکان ڕای جیایان هەبوو.. هەریەك لە ئەحمەد فەخری لەزێڕنگری ئاراس لەشاری دهۆك و باسر لەزێڕەنگری باسر لەشاری هەولێر کە بەکاری بازرگانی سەردانی ئەوێی کردبوو، ڕایان وابوو کە بازاڕی زێڕی ئاڵاو نەخشەی عێراقی گەرمترە لەهی زێڕی ئاڵاو نەخشەی کوردستانی، بەڵام لەبەرامبەر ئەم ڕایەدا هەریەك لەئازاد کەمال خاوەنی زێڕەنگری یاڤان لەدهۆك و فوئاد شەهاب عەبدوڵلای بازرگان و نزار جاسم خاوەنی زێڕنگری هەرێم و نەزیر ئەحمەد خاوەن زێڕنگری دەریا، گوتیان کەوا زێڕی ئاڵای کوردستان و نەخشەی کوردستان ڕەواجیان زیاترە. هەموو زێڕنگرەکان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە ئەوانەی زێڕی ئاڵاو نەخشەی عێراق دەکڕن، زۆربەیان مەسیحین، کەمێکیان کوردن، بەڵام فوئاد شەهابی بازرگان دەڵێ "تەنها مەسیحی ئاڵاو نەخشەی عێراقی دەکڕن، تائێستا نەمدیتوە کریارێکی کورد ئەوانە بکڕێ، کورد تەنها ئاڵای کوردستان و نەخشەی کوردستانی گەورە دەکڕێ".

باسر دەڵێ "٨٠٪ی ئەوانەی زێڕی ئاڵاو نەخشەی عێراق دەکڕن مەسیحین، چونکە کە نەخشەکە دروست دەکرێ سەلیب و سورەتی حەزرەتی مریەمی لەسەرە، بەڵام کوردیش دەیکڕن".

خاوەنی زێڕنگری ئاراس دەڵێ زۆربەی ئەو گەنجانەی لەدەرەوە دێنەوە ئەم پارچە زێڕانە دەکڕن، جا ئەو گەنجە مەسیحیە، کوردە، یا هەر کەسێك.

باسر فرۆشتنی ئەم پارچە زێڕانە بەکارێکی ئاسایی دەزانێ، دەڵێ "ئێمە لەلایەك عێراقین و لەلایەکی دیکە زێڕنگرین و بەگوێرەی داواکاری کڕیار زێڕ دەهێنین، بۆیە فرۆشتنی ئەو پارچە زێڕانە ئاساییە". ئەم ڕایە ڕای زۆربەی ئەو زێڕنگرانە بوو کە ڕامان وەرگرتن. نەزیر ئەحمەد سلێڤانەیی دەڵێ ئەو ئاڵایە هی هەموو عێراقییەکانە، پێشتر لەبەر ناهەمواری بارودۆخی سیاسی، خەڵك ڕقی لەعێراق و ئاڵاکەی دەبۆوە، بەڵام ئێستا ئەو بارودۆخە نەماوە". نزار جاسمیش لەمبارەیەوە دەڵێ "ئێمە پارچەیەکین لەعێراق و شانازی بەعێراقەوە دەکەین". ئازاد کەمال پێیوایە تاکورد نەبێتە دەوڵەت ئەو ئاڵایە هی هەمووانە کە کوردیش بووە دەوڵەت "ئەوکات ئاڵای عێراق دەدڕێنین". ئەو گوتی "حکومەت دەڵێ ئێمە عێراقین،




ئەگینا من هیچ هەستێکم بۆ عێراق نییە، چونکە تائێستا هیچ سودێکم لەو عێراقە نەبینیوە".

بەڵام فوئاد شەهاب بەپێچەوانەی ڕای هەموو ئەوانەی دیکە گوتی "هەر چەندە ئەوە بۆ ئارەزووی خەڵك دەگەڕێتەوە، بەڵام پێویستە خەڵکی زێڕی ئاڵاو نەخشەی کوردستان بکڕن، نەك عێراق".

لەڕاستیدا نەخشەو ئاڵای عێراقی سەردەمی بەعس نەك تەنیا لەدهۆك لەشارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش بەرچاو دەکەون. کوڕە گەنجێکی دهۆکی کە ڕاشکاوانە دژی ئەو دیاردەیە قسەی کرد گوتی هەقە ئەو فرۆشتنی ئەو ئاڵاو نەخشەیەی عێراق قەدەغە بکرێ و گوتی "ئەو کچانە شەرم ناکەن نەخشەو ئاڵایەك بەردەدەنەوە ناو سینگیان کە هەزاران ژن و کچی کورد لەژێریدا هەتککران".

## کرێکارە پاکستانییەکان:

# کوردستان ئارامە، بەڵام بەغدا جەهەننەمە

**میدیا-زاخۆ/** ٢٤ کرێکاری پاکستانی کەدوو ماڵیان کردووەتە شوێنی مانەوەیان لەگوندی هیزاوای سەر بەقەزای زاخۆ، بەجلوبەرگی میللی خۆیانەوە لەبن دارێکەوە دەیانڕوانییە چیاکانی بەرامبەریان و دەیانگوت "سروشتی کوردستان و پاکستان وێکدەچێ و هەمان سروشتن". ئەوان کە تەنیا زمانی پاکستانی بەڕەوان دەزانن سادق عەلی کەمێك ئینگلیزی و محەممەد عومرانی هەندێ وشەی کوردی فێربووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لێکتێگەیشتن لەنێوان ئەوان و خەڵکی گوندەکەدا هەیەو خەڵکی گوندەکە ئەوانیان بەکۆمەڵە کەسێکی بەڕێز وەسفدەکردو کرێکارە پاکستانییەکانیش گوتیان "خەڵکی ناوچەکە لەگەڵمان باشن و هیچ کێشەمان نییە".

هەر وەك سادق عەلی بە (میدیا)ی ڕاگەیاند بێجگە لەوان ٢٤ی دیکە لەسێمێل و ٥٠ی دیکەشیان لەسلێمانی خەریکی هەمان کاری ئەوانن کەبریتییە لەبەستنی هێڵەکانی زەختی عالی.

ئەوان کە لەگەڵ کۆمپانیای KECی پاکستانی بواری کارەبا کار دەکەن، شەش مانگە هاتوونەتە ئەو ناوچەیە، سەرەتا لەهەولێر بوونە ئینجا لەدهۆك و ئێستاش هاتوونەتە ناوچەی زاخۆ. ئەوان دەڵێن کەپێش ئەوەی بێنە کوردستان هیچ زانیاریەکیان دەربارەی کورد نەبوو، سادق عەلی دەڵێ "کۆمپانیاکە لەپاکستان پێیگوتین کەکاری ئەوان لەکوردستان دەبێ و کوردستانیش ئارام و بێ گرفتە". ئەوان کە لەڕێگەی بەغداوە هاتوونەتە کوردستان ئامادە نین بچنە بەغدا کە بەچاوی ئەوان جەهەننەمە" چونکە لەوێ کوشتن و ڕفاندن هەیە".



چەند کرێکارێکی پاکستانی لە گوندی هیزاوا (میدیا)

# (مەی بەران)ی شاری سۆران کۆنفرانسی خۆیان لەسەر کانیاوێك دەبەستن



**پ.سۆران/** بەیانی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٥/٢٨ بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژێك و بەشداری کردن لەکۆنفرانسێك کە زیاتر لە دوو هەفتە چاوەڕوانی بووم، بەرەو کانیاوی (تویڵا)ی بناری زۆزگ کە نزیکەی (٤) کیلۆمەتر لەشارۆچکەی (دیانا)وە دوورە، کەوتمەڕێ، کاتێك گەیشتمە ئەو شوێنەی کە مەبەستم بوو، بەدەیان ئۆتۆمبێلی (لانگدرۆزەر- جێیب- شلەخەجێ) لەژێر گردەکانی ناوچەکە کۆببونەوە، یەکێك لەشوفێرەکان پێمی وت "کاکە خۆ ئێمەش حزبێکین"، بەڵام ئەوەی ئەم برادەرەش وتی خۆ ڕاست نەبوو، ئەوان تەنها شۆفێری گواستنەوەی "مەشروبات"بوون، کە بەسەر گردەکانی ناوچەکە بڵاوببونەوە، ئەوان ژمارەیان (١٢١) شوفێر بوو، کە بەمەبەستی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێیان کۆببونەوەو، بەپێی قسەی زۆر لەشوفێرەکان ئەم کۆنفرانسەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لەدەست دیکتاتۆری و نادیموکراسی بەشێك لەئەنجومەنەکانی پێشوو دەربازدەبن.

"هاشم محەممەد عومەر" کە (٢٠) ساڵە شوفێرەو ئەوە بۆ چوار ساڵیش دەبێت کاری گواستنەوەی مەشروب دەکات، ئەو بەم شێوەیە باس لەئامانجی ئەم کۆنفرانسە کردو گوتی "لەبەر زۆری تومووح و خۆپەرستی دەبێت ئێمە ساڵێ دوو جار کۆنفرانس بکەین و ئەنجومەنێکی نوێ دەستنیشان بکەین جا ئەگەر هاتوو ئەم ئەنجومەنەش وەکو ئەوانی تر دەرچوو دەبێ ساڵێکی پڕ لەکێشەو دەمەقالێ ببینە سەرو چەندین جاریش شکایەت بکەین تا کۆنفرانسێکی دیکەی لەم شێوەیە ڕێکدەخرێتەوە، لەو کۆنفرانسە ئامادەکاری باشمان کردووە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە دەربچن کە لەخەمی شوفێرە هەژارەکان دانە، بۆیەش دەڵێم شوفێرە هەژارەکان چونکە هەر ئەوانن کە زەرەرمەند بوونە لەم ناوەدا، دیارە پێشتر (٨) ئەندام ئەنجوومەنمان هەبووەو هەر ئەندام ئەنجوومەنێك مانگانە (٥٠) دیناری لە هەریەکێك لە ئێمە وەردەگرت، مانگانەش زیاتر لە دوو بار لەئێمە زیاتری لێدەدا، کە ئەوەشیان هەر لەسەر حسابی ئێمە بوو بۆیە لەم هەڵبژاردنەدا داوامان کردووە تەنها (٣) ئەندام ئەنجوومەن هەبێ و بەس".

هەروەها "عەبدوڵلا ئیسماعیل دێرەزیی" کە لەنێو شوفێرەکان بەقسە خۆش و نوکتەچی ناسراوە، بەم شێوەیە باسی لەژیانی خۆی کرد لەو کاتەوە کە دەستی داوەتە ئەم کارە، ئەو سەرەتا لەگوندەکەی خۆیەوە دەست پێدەکات و دەڵێ "گوندی ئێمە نزیکەی (٧٠٠) ماڵ دەبێت، لەنێو ئەم (٧٠٠) ماڵە هەر تەنها من ئەم کارە دەکەم ئەویش لەبەر بێ کاری و هەژاری کە دەستی لەقورگی گیر کردبووم، بۆیە ناچاربووم ئەم کارە بکەم، بەڵام ئەمە بۆ مەلایەکەی گوندەکەمان بەس بوو، بۆ ئەوەی هەموو هەینیان باسی من بکات و بڵێ "ئەوەی ئەم کارەدەکات کافرەو بێ ئیمانە" باوەڕ بکە ئەو مەلایە وای لێکردووم کە شەرم لەخۆم بکەمەوە، بەڵام ئێستا لەکوردستان هەژاریەکەش بۆتە شەرم، بۆیە شەرمی کارەکەم پێ باشترە لەشەرمی هەژاریەکە".

"عەبدوڵلا" لەدرێژەی قسەکانیدا پێی باش بوو کەوا لەو کۆنفرانسەدا کەسانێك هەڵبژێردرێن کە کارەکانیان بەراست و دروستی ئەنجامبدەن و خیانەتیان لەگەڵ نەکەن، هەروەها دەڵێ "دەمانەوێ ئەنجوومەنێك هەڵبژێرین کە دزیمان لێ نەکات و مافمان پێشێل نەکات و کارەکانی بەراست و دروستی بکاتن و کێشەمان بۆ دروست نەکات و جیاوازی نەخاتە نێوان شۆفێرەکان، وەکو ئەنجوومەنەکانی پیشوو نەبن کە هەر تەنها بیر لەگیرفان پڕ کردن و تەنسیق کردن بکەنەوە لەگەڵ تاجیرەکان. ئێستا کەسانێکمان لەگەڵ دانە شوفێری خەڵکن و هەیە ئۆتۆمبێلی لەگەل یەکێکی تر بەنیوەیە، دەوڵەمەندیش هەیە چوار پێنج ئۆتۆمبێلی لێرە کاردەکات، جا دروست ترە کە یارمەتی کامەیان زیاتر بدرێت، ئەوەی چوار ئۆتۆمبێلی خستۆتە کار یان ئەوەی شوفێری خەڵکە"، هەر لەدرێژەی قسەکانیدا دەربارەی هەڵسوکەوتی خەڵك وتی" بەراستی لە خەتی (حاجی ئۆمەران) خەڵك ڕێمان لێدەگرن، ئەگەر سەلامیان لێ بکەین وەڵاممان نادەنەوە. ڕۆژێك کەسێك لەخەلکی گوند هاتە سەر

بۆ ل١١

# ئەفسانەی سەرۆکایەتیی هەرێم



**جەمال نەبەز- ئەڵمانیا**

بزووتنەوەی کوردایەتی، لەسەردەمەکانی سەتەی رابردوو،و چەند سەتەیەکیش لەوەپێش، لەلایەن رێبەرانێکەوە دەبرایەرێوە، کە لەنێو خەڵکی کوردستاندا بوو بوونە سیمبوڵو، وەك بوویەکی پیرۆزو نەتەکین(١) (مصون) تەماشایاندەکرا. رێبەر، مۆتۆری بزووتنەوەکە بوو، هەر کاتێکیش ئەم مۆتۆرە لەکار بکەوتایە، سا، یان بە کوشتن، یان بە مردن، یان ناپا کیلێدەرکەوتن؛ یان بەوازهێنانی سەرکردەکە، ئەوا بزووتنەوەکەش لەکار دەکەوتو دەوەستا، هەتا سەرکردەیەکی دیکە دەبووە خاوەن کاریزما(٢)و ئەو جێگەیەی دەگرتەوە. جەماوەر، گوێرایەڵی فەرمانی رێبەر بوو. رەخنەگرتن لە رێبەر بەگوناهێکی گەورە دەدرایە قەڵەم. جا هەرچەندە دەستەیەك لە هەڵسوڕێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەساڵی ١٩٦٤دا؛ بەسەرۆکایەتیی سکرتێری گشتیی برایم ئەحمەد لەهێڵی رێبەرێتیی مەلا مستەفا بارزانی، دەرچوونو، ویستیان رێبەرێتییەکی دیکە بهێننە کایە؛ بەڵام بارودۆخ نەگۆردراو درێژەیکێشا، هەتا هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوول لەبەهاری ١٩٧٥دا، کە کۆتایی بەسەردەمی دەسەڵاتی تاکوتەنێی سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورد هێناو، بوو بەهۆی ئەوەی هوردە بۆرژوای خوێندەواری شارنشینی سەر بەبیری مارکسیزمی ستالینتی، بتوانێ خۆی بنوێنێو، بکەوێتە رکەبەرایەتییو کێبەرکێی ئەوانەی دەیانویست هەر لەسەر ئەو رێسا کۆنە بمێننەوەو، ئەوەبوو لەباشووری کوردستاندا، گەلێك حیزبو کۆمەڵەی "پێشەرویخواز" دروستبوون، گەورەترینیان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی.ن.ك) بوو، کە هەر لەسەرەتاوە، بزێویو چالاکییەکی بەرچاوی لەخۆی پێشانداو بەزۆری چەك کەوتە دەمکوتکردنی بیر جیاوازان. پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ك) کە لەتەوژمی هەرەسەکەوە؛ جەزرەبەیەکی سەختی بەرکەوتبوو، بوو بووە نیشانەی رەخنەو تانووتو توانجو تەشەری هەموو لایەك، تەنانەت لەپلاری ئەوانەش رزگاری نەبوو، کە تارۆژی هەرەسەکە؛ خۆیان کاربەدەستی پلە دوو و پلە سێی شۆرش بوون. پ.د.ك وایهلێهاتبوو کە زۆر بەزەحمەت خۆی بەرامبەر شالاوی ی.ن.ك رادەگرت. بەتایبەتی، چۆنکە یەکێتی؛ قسەی سوار بوو بوو، پارتی شەری دۆراندبوو. کە یەکێك شەری دۆراند؛ گلۆڵەی دەکەوێتە لێژیو، کەس خاسی پێنایەژیو، بێجگە لەوەش لەلایەن رژێمی سووریای دژ بە رژێمی عێراقەوە؛ پشتگیرییو پشتیوانی لێدەکرا، کە ئەوەتا ی.ن.ك هەتا ئەورۆش چاو بەرەو ژێرو سوپاسبژێری ئەو رژێمەیە. ی.ن.ك بە هەڵگرتنی درۆشمی چەپاژۆی بریسکەداری بێکاکڵ؛ بازاڕی خۆی لەنێو خەڵکی ساویلکەو تێنەگەیشتوودا گەرمکردبوو. ئەمە بێجگە لەوەی؛ ژمارەیەك مرۆڤی دڵپاكو، بەهەق لەرەوتی نالەباری شۆرش؛ تووڕەو ناهومێدیشی لەخۆی نێزیکردبووەوە. زاڵبوونی بیرۆکەی مارکسیزمی سۆڤێتی بەسەر چینی خوێندەواری کورددا، لەپاڵ هێندەك هۆی بابەتانەو نابابەتانەدا، رێی ئەوەیانندەدا بیرۆکەی سەربەخۆیخوازییو ئاشتیی نەتەوەیی؛ لەکوردستان جەماوەر پەیدا بکا. بەم جۆرە، بەشی هەرە گەورەی مێژووی بزووتنەوەی؛ گوایە کوردایەتی، لەباشووری کوردستاندا، لەکاتی هەرەسەوەو هەتا ئەورۆ، بریتییە لەمێژووی شەڕو بەیەکدادانو، ئاشتبوونەوەو ڕێککەوتنو، تێهەڵچوونەوە بەشەڕو ئاشتیدا، لەلایەن ئەم دوو حیزبەوە، کە دیارە لەم پێناوەداو بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی تاقانەدا؛ هەردوولا ناچار بوون پەنا ببەنە بەر داگیرکەرانی کوردستانو، هەر لایەنەش، بۆ خۆپاراستنو خۆ بەهێزکردن، هێندەك لەحیزبە گچکەکانی باشوورو، تەنانەت هێندەك لەحیزبە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیشیان بەخۆوە بەستووەو، داویانن بەشەڕ دژی حیزبی دژ بەر. پێ بەپێی ئەمەو، لەئەنجامی شەرو بەیەکدادانیدا، گەلێك لەکۆنە دەسکەڵاکانی رژێمی بەعسو سیخوڕەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانو، کەسانی هەلپەرستو کوری رۆژو بەکرێگیراوو ئاژاوەگێر، کەوتوونەتە نێو ئەم دوو حیزبەوەو، پلەو پایەشیان وەدەستهێناوەو، ئاگری شەڕی ساردو گەرمو کینەبەرایەتیان دژی یەك خۆشتر کردووە. هەر ئەم رەوشە نالەبارەش بووە کە بوو بەهۆی ئەوەی کورد لەدەرفەتی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراقو ئێراندا، نەك هەر هیچی دەستنەکەویو بەس؛ بەڵکو لەهەردوولای جەنگکەر زیانی پتر لێبکەویو، تووشی ئەنفالو چەکی کیمیاییو دەربەدەریو گەلرەوی ملیۆنی ببێ. پاش ئەمەش لەشکانی لەشکری سەددام لەکوێتو، دامەزراندنی "هەرێمی نەفرین"، کە بەڕاستی هەلێکی زێڕین بوو بۆ کورد، کە دەبوو کورد بەرەو سەربەخۆیی ببا، کەچی پاش چواردە ساڵ فەرمانڕەوایەتییەکی دوور لەدەسەڵاتی عێراق، هەر بەدەستی سەرکردەکانی ئەم دوو زلحیزبە، کرایەوە بە بەشێك لەدەوڵەتی دەستکردو داگیرکەری عێراق، بەرامبەر چەند درۆیەکی بێسەروبەر، کە هەر رۆژە تەونی درۆیینەی لەلایەکەوە شیدەبێتەوە. دەمێکە ئەو راستییەم لەرۆژنامەی "میدیا"دا نووسیوە، کە حکوومەتی عێراق لەلایەن چەند بنەماڵەیەکی شیعەی ئێرانییەوە دەربرێ بەرێوە، وەك بنەماڵەی حەکیمو جەعفەری؛ کە فەرمان لە مەلا سیستانی فارس وەردەگرنو، دەمێکە ئەوەشم گوتووە، خومەینی چەندی پێبوو بۆ کورد، سیستانیش هەر هێندەی پێیە. جەعفەری، ئەورۆ دەستی ناڕواو، تەنانەت گەرەکێکی بەغداشی بۆ دابیننا کرێ، کەچی دەچێتە ئەنقەرەو، بەڵێنی لەنێو بردنی کوردە هەڵاتووەکانی باکووری کوردستان بۆ باشووری کوردستان، دەدا بە رژێمی ترك. ئەم چوونەشی بۆ ئەنقەرە، وەرامێکی فارسانە بوو بۆ مام جەلال، کە چوو سەری ئەردەنی دا. چۆنکە شیعەکان، ئەردەن بە دوژمنی خۆیان دەزانن، ئەوەبوو شا عەبدوڵڵا، باسی "هلال الشیعەی"ی کردو گوتی: شیعەکان بەتەمای یەکگرتنی ئێرانو عێراقو لوبنانو سووریاو شیعەکانی کەنداون (بە شیعەکانی حیجازیشەوە)و، شیعەکانیش؛ لە هەموو لایەکەوە کەوتنە قسە پێگوتنیو سووککردنی. ئەمە لەکاتێکدا؛ کە تیرۆر، لەهەموو نێوچەکانی عێراقدا (بەو نێوچەیەشەوە کە لەژێر دەسەڵاتی دوو زلحیزبەکە دایە)، رۆژ لەدوای رۆژ، توندوتیژتر دەبێ. کەچی دوو زلحیزبەکە، لەباتی ئەوەی لەئەمریکاو بەریتانیاو هەموو جیهانی بگەیەنن، کە عێراق، هەزار پینەشی بکرێ، نابێتەوە بەیەك دەوڵەتو، بیروڕای گەلێك لە سیاسەتکارانو کەسایەتییە جیهانییەکان (بۆ وێنە هەنری کیسنجەر) لەم بوارەدا بکەن بە بەڵگە، کەچی تازە خەریکی شەرە دەنووکن لەسەر کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێم. بەڕاستی؛ یەکێك کەمێ لە ئەلفوبێی رامیاریو قانوون بزانێ، دەزانێ سەرکردەی هەرێم، یان سەرۆکی هەرێم، لەدەوڵەتێکی دیموکراتیدا، نایەتە هەڵبژاردن، مەگەر بەپێی قانوونێك، کە ئەو قانوونە بەشێك دەبێ لەدەستووری ئەو دەوڵەتە، یان ئەو هەرێمە. بەڵام ئەورۆ ئەو قانوونو دەستوورە نییە. لەبەر ئەوە؛ هەموو باسکردنێکی کێشەی سەرۆکی هەرێم؛ باسێکی بێجێو دەوەنبەئاشە. بۆ دانانی ئەو قانوونو دەستوورەش؛ دەبوو پەرلەمان هەر دە رۆژ دوای هەڵبژاردن کۆببووبووایەوەو، حکومەتی یەککگرتووی پێکەوە بنایەو، دەستووری هەرێمی ئامادەو پشتڕاست (تصدیق) بکردایەو، لەو دەستوورەدا؛ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی دەستنیشانبکردایە، دەستوورەکەشی بخستایە گشتپرسییەوە. ئەوجا بۆ هەرێمێکی وەك باشووری کوردستانو، لەو بارودۆخەدا کە کورد تێیکەوتووە، هەتا دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم زۆرتر بێ؛ باشترە. چۆنکە ئەگەر سوننییەکان بەشداری هەڵبژاردن بکەن، لەوانەیە کورد ئەمجارە پلە سێ بینیو سەرکۆماری عێراق، کورد نەبێ. لەبەر ئەوە دەبێ دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم بەرامبەری دەسەڵاتی سەرکۆماری عێراق بێ. بۆ وێنە: سەرۆکی هەرێم دەبێ فەرماندەی هێزەکانی لەشکر بێ؛ بۆ ئەمەش، نە پارتیو نە یەکێتیو، نە هیچ حیزبێکی دیکە؛ مافی ئەوەیان نییە چەکدارو میلیشیایان هەبێ. خۆ ئەگەر دەڵێن پێشمەرگە میلیشیانین، فەرموو بابیانکەن بە لەشکرێکی یەکگرتوو. لەشکری وڵاتێك، هەریەك لەشکرەو نابێتە دووانو، هیچ وڵاتێك دوو لەشکری نییە. پاشان سەرۆکی هەرێم، یان لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێ، یان لەلایەن گەلەوە، بەشێوەی دەنگدان. سەرۆکی هەرێمی باشووری کوردستان، ئەگەر بەهەڵبژاردن بێ، باشترە، وەك لەوەی بەبریاری پەرلەمان بێ. چۆنکە پەرلەمانەکە پەرلەمانی پارتیو یەکێتییەو، خۆ ئەگەر دەبێژن ئەندامی واهەن سەربەخۆن، یان سەر بەحیزبەکانی دیکەن؛ ئەوا دەبێژم، لەم بارەشیاندا؛ پەرلەمانەکە هەر دەبێ بە پەرلەمانی هەولێرو سلێمانیو دهۆك، چۆنکە هەتائێستا، نە کەرکوكو نە هیچ بەشێکی دیکەی باشوور؛ کە لەژێر دەستی سەددامدا بووە، نەخراوەتە سەر ئەم سێ ستانە. دوایی، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم؛ کوردی دەرەوەی ئەم سێ ستانەو کوردستانییەکانی ئەو شوێنانەی کە کوردستانن، بەڵام ئەمرۆ لەسنووری کوردستاندانین؛ دەتوانن دەنگ بدەن. بێجگە لەمەش سەرۆکی هەرێمێکی وا هەڵبژێردراو، پێویستی بەجێگر نییە. لەکاتی تەنگانەدا سەرۆکوەزیران، بۆ ماوەیەکی کاتی جێیدەگرێتەوە. ئەمەش لەکاتێکدا دەبێ، ئەگەر بوونی سەرۆکوەزیران شتێکی پێویست بێو، سەرۆکی هەرێم بەپێی قانوون، دەسەڵاتی سەرۆکوەزیرانی نەبێ. ئەمەش، بەلای منەوە؛ بۆ هەرێمی باشووری کوردستان باش نییە، بەتایبەت؛ لەکاتی ئێستەدا. سەرۆکی هەرێم دەبێ لەهەڵبژاردنێکی ئازاددا، پاش ئەوەی هەموو کاندیداکان بەرنامەی خۆیان بلاوکردەوە؛ هەڵبژێردرێو، دەسەڵاتێکی وای پێبدرێ کە بتوانێ جڵەوی کەشتیی کورد لەم زلزەریا زریاناوییەدا، وەستایانە بەدەستەوە بگرێ. ئەگەرنا، ئەگەر وانەبێو، ئەمەش ببێتە حیزبحزبێنەو نیوە بەنیوە، هەموو باسێکی سەرۆك هەرێمی، لەئەفسانەکەی پشت "قوللەی قاف" دەچێ.

**بۆ هەرێمێکی وەك باشووری کوردستانو، لەو بارودۆخەدا کە کورد تێیکەوتووە، هەتا دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم زۆرتر بێ" باشترە. چۆنکە ئەگەر سوننییەکان بەشداری هەڵبژاردن بکەن، لەوانەیە کورد ئەمجارە پلە سێ بینیو سەرکۆماری عێراق، کورد نەبێ. لەبەر ئەوە دەبێ دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم بەرامبەری دەسەڵاتی سەرکۆماری عێراق بێ**

پارتیو یەکێتی، پاش ئەوەی بەترساندنی خەڵك؛ کە ئەگەر نەچنە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراقەوە، ئەوا ژمارەی کورد لەپەرلەمانی عێراقدا کەمدەبێو کورد ناتوانن داخوازییەکانی خۆیان لەدەستووردا بچەسپێننو، هێندەك لەسەرکردەکانو بنکردەکانیشیان، مۆرکی خیانەتکارییان دەنا بەوانەوە کە نەچوونە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراقو بیمەرج. کە ئەز یەکێك بووم لەو "خیانەتکارانە"، ئەوجا ئەورۆ بەتەواوی دەرکەوت؛ کە مەبەستی هەردوولایان خزمەت نەبوو؛ بەڵکو هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیان بوو ئەوەتە نوێنەرەکانیان، وەك من، ناچنە پەرلەمان.. ئەز کە بە بەڵێنەکانی ئەم دووانە باوەڕم نەدەکرد، لەوەوە هاتبوو کە باشم دەناسین، چۆنکە هەشت ساڵی رەبەق (لە ١٩٩٤-٢٠٠٢) خەریکی نێوبژیکردنو نێزیککردنەوەی هەردوولا بووم؛ لەپێناوی ئەوەدا کە گەلی رەشوڕووتی کوردستان هەناسەیەکی خۆشیی هەڵمژێ، بەڵام بۆمدەرکەوت، کە ئەو رێککەوتنە لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا، کارێکی لەکردن نەهاتووە، مەگەر دەستێکی ئاهۆڕایی پشتیوانی لێبکا. چۆنکە خوێنکەوتنە نێوی چل ساڵ بەدرێژییو، بەگوێچکەدا خوێندنی مرۆڤی سادەو دڵشکاوو، ئەم لەو هاندان، بابەتێك نییە کە هەروا بەهاسانی لەبیر ببرێتەوەو، لەکار بخرێ، بەتایبەتی لەکۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

دوو زلحیزبەکە، پاش ئەوەی بۆیاندەرکەوت کە ئەم عێراقچێتیە خەستو خۆڵەیان؛ هیچ سووتێکی نەبوو، پتر لەوە گەیشتن کە ئەم پەندەی ئەوان بەکوردییان داوە؛ ئەنجامی زۆر ترسناکی لێدەبێتەوە، ئەوجا، مقۆمقۆ کەوتووەتە نێوانیانەوە؛ بەتایبەتی لەنێو ی.ن.ك دا کەسانێك پەیدا بوون، دەیانەوێ هەموو دەستە چەورەکەی خۆیان بە ملی مام جەلالدا بسوون، ئەگەرچی مام جەلالیش فریشتەی ئاسمان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا، خۆیان لەبەردەم کاری کراودا دەبیننو، مۆتەکەی هەڵبژاردنی کۆتایی ساڵ، سەر سینگی گرتوونو دەزانن کە ئەمجارە، ئەگەر سوننییەکان بێنە کایەی هەڵبژاردنەوە، ئەمان رەنگە ١٠٪ی دەنگەکانیش وەدەستنەهێنن. چۆنکە؛ نەك هەر جەماوەرێکی هەڵخەڵەتاو دەنگ نادا بۆیان؛ بەڵکو ریزە کەلێنتێکەوتووەکەی خۆشیان، ژمارەیەکی یەکجار زۆری سەر بەحیزبەکانی خۆیانیشی ناهومێد کردووە. ئەوجا ئێستەو پاش ئەوەی کە بەمازوو تێشکاون، دەیانەوێ خۆیان بەسیچکان هەستێننەوەو، کێشەی "سەرۆك هەرێمی"یان هێناوەتە پێشەوەو ئەمەشیان کردووە بە ئەفسانەکەی پشت قوللەی قاف.

**جەعفەری، ئەورۆ دەستی ناڕواو، تەنانەت گەرەکێکی بەغداشی بۆ دابیننا کرێ، کەچی دەچێتە ئەنقەرەو، بەڵێنی لەنێو بردنی کوردە هەڵاتووەکانی باکووری کوردستان بۆ باشووری کوردستان، دەدا بە رژێمی ترك. ئەم چوونەشی بۆ ئەنقەرە، وەرامێکی فارسانە بوو بۆ مام جەلال، کە چوو سەری ئەردەنی دا. چۆنکە شیعەکان، ئەردەن بە دوژمنی خۆیان دەزانن**

بە بیرورای من، دەستێکی نهێنی، یان چەند دەستێکی نهێنی هەیە کە هەوڵی ئەوە دەدەن؛ چالاکیی تیرۆریستانەی کۆمەڵە دەستوەشێنەکان لەبەغداو نیوچە عەرەبییەکانی عێراق، ناچار بەهەڵاتن بەرەو کوردستان بکەنو، بەتایبەتی بۆ نێو ئەو سێ ستانەی بەدەستی دوو زلحیزبەکەوەیە. ئەمەش لەپاڵ ناکۆکیو پشێوی نێوان ئەم دوو لایەنەدا. کە ئەمەش وایلێهات، ئەو دەمە دەتوانن هەموو ویستێکی داگیرکەرانەی خۆیان بەسەر کورددا بسەپێنن.

ئەوجا ئێستەو، پاش ئەوەی ئاشکرابوو، کە خەڵکی کوردستان بەم شێوەیە گاڵتە بەچارەنووسیان دەکرێ، هیچ چارەیەك نەماوە، ئەوە نەبێ جەماوەری کوردستان بکەونە سەرکێشیی شارستانیانە، واتە؛ لەرێی خۆپێشاندانی بەردەوامی خۆیانەوە، بیخەنە بەرچاوی هەموو جیهان، کە خەڵکی کوردستان شتێکەو، دوو زلحیزبەکە شتێکی دیکەنو، داخوازییەکانی هەردوولایان لەیەك جیاوازنو با مووچەخۆرانی کورد، وەك بۆ زیاد کردنی مانگانەکەیان خۆپیشاندان سازدەکەن، کە شتێکی هەقە، بۆ چارەنووسی کوردستانیش بیکەن. دوکتۆر نووری تاڵەبانیو هەڤاڵە پەرلەمانتارەکانیشی، پێویستە هەڕەشەکەی خۆیان بخەنە مەیدانی کردەوەو، ئیدی چاوەڕوان نەکەنو، بکەونە کۆبوونەوەو گازێنامە ناردن بۆ ئەوانی دیکەو، ئەگەر نەهاتن، ئەوا بریار بدەن بۆ سەندنەوەی رەوایەتی لێیانو، ئەوجا دەستبەکاربن بۆ نووسینی دەستووری کوردستانو دڵنیاشبن هێدی هێدی جەماوەری کوردستانو دەرەوەی کوردستان لەدەوری خۆیان کۆدەکەنەوە. هەر راستی سەردەکەوێ، ئەگەرچی هێنانەدیشی ماوەیەك دوابکەوێ.

٢٠٠٥/٥/٢٦

١-"نەتەکین" لەباکووری کوردستان بۆ گۆری چاکێك بەکار دەبرێ کە کەس نەتوانێ دەستی ناحەزانە درێژ بکابۆیو بەپیرۆزی بزانێ.
٢-"کاریزما" وشەیەکی یۆنانییە، "کرامات"ی عەرەبی لە "کاریزما"وە هاتووە.

---

**لە پێنجەم ساڵیادی شەهید کردنی کاکە سەربەست مەحموددا :**

# شەهید سەربەست مەحمود سەرکردەیەکی گەنج، بەڵام بەهزرو رامان مەزن!

**غەفور مەخمووری**



ئەمڕۆ پێنج ساڵی تەواو بەسەر شەهیدکردنی براو هەڤاڵی خۆشەویستمان کاکە سەربەست مەحمودی رۆژنامەنووسو سیاسەتکار تێپەڕ دەبێت، کە لەرۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا لە ٢٠٠٠/٥/٣١ لەلایەن دەستێکی رەشو چەپەڵی دژ بەکوردو پێشکەوتنو شارستانیەت شەهید کرا، تیرۆریستان لەبەر ئەوەی خۆیان ئاشنای ژیانی ئەشکەوتو تاریکیو جەهالەتن بۆیە چاویان بەرووناکی هەڵنایەتو بەردەوام لەهەوڵی کوژاندنەوەی چراکاندان، شەهید سەربەست یەکێك بوو لەچرا رۆشنەکانی خەباتی کوردایەتیو رووناکی بۆ هەموو لایەك بوو، هەر بۆیە تیرۆریستان بێ شەرمانە ئەو چرایەیان لێکوژاندینەوە.

شەهید سەربەست هەرچەندە لەسەرەتای تەمەنی دابوو، بەڵام بەهزرو رامان مەزن بوو، مرۆڤێکی بوێرو هەڤگۆ پڕ بەرهەم بوو، نووسەرو رۆژنامەنووسو سیاسەتکارێکی بەئاگابوو، بەردەوام بەدوای بابەتی هەستیارو هەواڵو بەدواداچوونی نوێو هەڵوێستی نەتەوەییو نیشتمانیدا دەگەڕا، لەنووسیندا هەوڵیدەدا خۆی لەقەرەی هەستیارترینو نوێترین بابەت بداتو بەردەوام دەیخوێندەو بیری دەکردەوەو دەینووسی، کتێب نزیکترین دۆستی ئەو بوو و پانتاییەکی زۆری لەژیانی ئەودا داگیرکردبوو، لەکاری رۆژنامەنووسیشدا بەدوای نوێترین هەواڵ دادەچوو و بڵاوی دەکردەوەو بەشێوەیەکی راستو بوێرانە شرۆڤەی دەکردنو لەسەری دەنووسین، لەرووی هزرییەوە بوێرانە خۆی لەبابەتە هەستیارو ئاڵۆزەکان نزیکدەکردەوەو رووی راستی دەخستنەڕوو، ئەگەر بمانەوێت توانای هزریو شرۆڤەکاری شەهید سەربەست ببینین ئەوا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بەرهەمەکانی (تەواوی نووسینو بەرهەمە هزرییە بڵاوکراوەکانی لەدووتوێی کتێبێکدا بەناوی "سەرخۆبوون تاکە چارەسەرە" لەلایەن مەکتەبی ناوەندی رێکخستنی YNDKدا چاپو بڵاو کراوەتەوە) لەم بەرهەمانەدا لەدیدگایەکی نەتەوەییەوە ئایدۆلۆژیا هاوردەکانی هەڵسەنگاندووەو لەسەری نووسیونو خاڵی پۆزەتیڤو نەگەتیڤی ئەو ئایدۆلۆژیایانەی خستۆتەڕوو، بەوپەڕی بوێریشەوە بۆچوونی خۆی لەسەر هەریەکەیان دەربڕیوە، هەر لەم بوارەداو جگە لەنووسین چەند کۆڕو سمینارێکی لەشارو شارۆچکەکانی کوردستاندا سازکردووە، بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بوو ئەو پەیامەی پێیەتی بیگەیەنێت، بۆیە زۆر کاری لەسەر وشیاری جەماوەر دەکردو باوەڕی وابوو کەسایەتی تاکی کورد شێوێنراوەو دەبێ سەر لەنوێ لەسەر بنەمای باوەڕ بەخۆبوونو پەیوەست بوون بەرابردووی نەتەوەیی تاکی کورد دروست بکرێتەوە، ئەمە پەیامی کوردانەی ئەو بوو و کاری بۆ دەکردو تارۆژی شەهید بوونیشی بەردەوام بوو لەسەری.

شەهید سەربەست جگە لەبواری نووسینو رۆژنامەنووسی، سیاسەتکارێکی لێهاتوو دووربینو بەدیسپلین بوو، لەدامەزراندنی YNDK رۆڵی خۆی هەبوو، لەسەرەتای دامەزراندنی YNDK وەك کادیرێكو لەکۆنگرەی دووەمی YNDKیش کە بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا وەك سەرکردەیەکی چالاکی YNDK لەکارو خەباتو چالاکی دابوو، گوڕو تینێکی گەنجانەی دابووە رێکخستنەکانی YNDKو جێی رێزو خۆشەویستی هەموو لایەك بوو، شەهید سەربەست جگە لەوەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی رێکخستنی YNDK بوو، سەرنووسەری رۆژنامەی میدیاو خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری سەرخۆبوونیش بوو، مرۆڤی کارە قورسەکانی YNDK بوو، زۆر بەخاکەرایی هەموو ئەرکەکانی خۆی ئەنجامدەداو ببووە بزوێنەرێکی کارای YNDK. ئەمەش وای کردبوو لەزۆربەی ناوەندە سیاسیو کلتوریو جەماوەرییەکاندا بناسرێتو رێزی بگیرێت. بەردەوام لەهەوڵی خۆ پێگەیاندا بوو بۆ ئەم مەبەستەش دەیخوێندەوەو راوێژی دەکردو کاری دەکرد، نەك هەر لەسیاسەت لەلایەنەکانی دیکەی ژیانیشیدا هەروا بوو، ئەو دەمەی کە بەیەکەوە لەبەشی زمانی کوردیی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر خوێندەڤان بووین، لەماوەی ئەو چوار ساڵەی خوێندندا بەردەوام بەیەکەوە بووینو دوو کەسی زۆر لەیەکتر نزیکبووینو زۆربەی کاتەکان هەر بەیەکەوە بووین، لەوێش خوێندەڤانێکی بەئاگاو رۆشنبیر بوو، لەزۆربەی زۆری کۆڕو سمینارو چالاکییە رۆشنبیرییەکانی زانکۆدا بەشدار دەبوو و بەشداری گفتوگۆکانی دەکرد، لەسەرەتای یەکتر ناسینمان ئەو زیاتر نزیکی رەوتە مارکسییەکان بوو، بەڵام دواتر کە ئاشنایەتیمان پەیدا کردو بووینە دوو برای خۆشەویستی یەکترو، کۆمەڵێك کتێبی بیرمەندی گەورەی نەتەوەکەمان مامۆستا جەمال نەبەزم پێداو، دوای خوێندنەوەیان بەردەوام گفتوگۆمان لەسەر بابەتەکان دەکرد، ئەمە وای کرد شەهید سەربەست زیاتر نزیکی بیری نەتەوەیی بێتو لەرەوتە مارکسییەکان دوور بکەوێتەوەو بکەوێتە لێکدانەوەو بەراورد کردنی ئایدۆلۆژیا هاوردەو خۆماڵییەکان، واتە شەهید سەربەست بەباوەڕەوە نزیکی بابەتە هزرییەکان دەبۆوە نەك بەشێوەیەکی رەمەکیو لابەلایی، ورد بوونەوە لەکەسایەتیو هزرو رامانو کارو خەباتی شەهید سەربەست لێکۆڵینەوەیەکی وردو سەربەخۆی گەرەکە، لەبەر ئەوەی تا لەکەسایەتیو هزرو رامانی قوڵببیتەوە شتی نوێترو تازەتو بۆ دەردەکەوێت.

لەبەر رۆشنایی ئەم راستییانەی سەرەوەدا دەتوانین بڵێین لەدەستدانی شەهید سەربەست زیانێکی مەزن بوو بەر YNDKو سەرجەم بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستانو کاروانی رۆشنبیری نەتەوەییمان کەوت. لەهەمان کاتدا کارەساتێکی زۆر گەورە بوو بۆ من لەبەر ئەوەی برایەکی زۆر خۆشەویستم لەدەستدا کە تێمدەگەیشتو تێیدەگەیشتم، هیچ لەوە ناخۆشتر نییە مرۆڤ خۆشەویستی خۆی لەدەست بدات، بەتایبەتی کەسێك کە تێیبگەیەتو تێتبگات.

لێرەدا لەپێنجەم ساڵیادی شەهیدکردنی براو هەڤاڵی خۆشەویستمان کاکە سەربەست مەحمود جارێکی دیکە سەری رێزو وەفا دادەنەوێنینو لەخوای گەورە داواکارین بەر رەحمەتی خۆی بخات. هەروەها جارێکی دیکە داوا لەدەزگا پەیوەندیدارەکان دەکەین کە بەزووترین کات بکوژانی شەهید بدۆزنەوەو بەسزای خۆیان بگەیەنن بۆ ئەوەی رۆحی شەهید شاد بکەنو تیرۆریستانیش رووڕەشو شەرمەزار!